## دەشتی کەلهوری:

# پێویستە سەرەتا ناسنامەی کەلتوری خۆمان بەخەڵکی بیانی بناسێنین



**• حەز دەکەین باس لە بەرهەمی «دەبا بەس بێت»مان بۆ بکەی؟**

- ئەلبوومی «دەبا بەس بێت» پێکهاتووە لە هەشت تراك، كە پێنجی ئاوازەكانی هی خۆمن، ئاوازێكی فارسیشی تێدایە كە بە كوردی وتوومەتەوە، هەروەها یەكێكیشیان ئاوازی نامدار قەرەداغییە، كە تێكستەی هی خۆمە. ئەوانیتریشی هی «ئەحمەد باوەڕ، تاوە حوسێن، مامۆستا محەمەد ئەحمەد و ئەحمەد بالایان»ن و موزیكژەنان عارف ئیبراهیم پور و هیلال مەتی بەشداریان تێدا كردووە، زۆربەی كارەكانیشم لەئێران و توركیا ئەوروپا ئەنجامدراوە. یەكێك لە گۆرانییەكانیشم بەناوی «دلبەرا من» لەلایەن ڤین تیڤیەوە كلیپ كردووە.

**• بەنیاز نیت جگە لە كلیپی (دلبەرا من) كلیپ بۆ گۆرانیەكانی دیكەش بكەی؟**

- بڕیارە بۆ چەند كارێكی هونەری مانگی چوار بگەڕێمەوە كوردستان، ئەوكات یەكێك لە گۆرانییەكانی تریشم كلیپ دەكەم.

**• لە بەرهەمەكەت زۆر بایەخت بەمەقام داوە بۆچی؟**

- خۆم خەڵكی گەرمیانم لە شاری كەركوك لە دایكبوومە، گەرمیانیش یەكێكە لەو ناوچانەی كە زۆر دەوڵەمەندە بە مەقام، هونەرمەندە مەزنەكانی وەكو مامۆستا عەلی مەردان خزمەتی ئەو بوارەیان كردووە، مەبەستم لەوەیە كە مەقامە كوردییەكان جارێكی تر بە گوێی خەڵك ئاشنا بكەمەوە، چونكە ناسنامەی میوزیكی كوردی بە لاوك حەیران و مەقامەوە جوانە، هەوەرها خزمەت بە زاراوە كوردیەكانیشی تێدایە.

• **ئێستا زۆرێك لە هونەرمەندا حەیران دەڵێن، تۆش لەبەرنامەت دانییە حەیران بڵێی؟**

-حەیران یەكێكە لەو ئاوازە خۆشانەی كە زۆر حەزی لێدەكەم و پرۆڤەشم لەسەركردووە، هیوادارم لەداهاتوودا لەبواری حەیرانیش خزمەت بكەم و كاری لەسەربكەم.

• **پێش ئەوەی بەرهەمەكەت بڵاو بكەیتەوە تاچەند هەستت دەكرد سەركەوتوو دەبی؟**

-دڵنیابووم لەو بەرهەمەم كە سەركەوتوو دەبم، چونكە ئەو كەسانەی بەشدار بوون لەو بەرهەمە هەموو میوزیك ژەنی بەناوبانگ بوون، لەوانە (ئەرسەلان كامگار و شاهۆی عەندەلیبی و ئالان عارەف و كارزان قەرەداغی). بۆیە بەسەركەوتووی دەزانم، بەڵام زیاتر ئەم سەركەوتنە دەگەڕێنمەوە لای خەڵك كە بڕیاری لەسەر بدەن.

• **دوایین پرۆژەی هونەریت چییە؟**

- ئێستا لەهۆڵەندا سەرقاڵی كۆنسێرتێكی زۆر گەورەم بۆ جەژنی نەورۆز، ئەمجارە كۆنسێرتەكە بەشێوەیەكی نەتەوەییە. بەنیازم گۆرانییەك بۆ هەڵەبجە بڵێم، هەروەها گۆرانی «ئەم ڕۆژی» جارێكی تر بەشێوەی سەنفۆنی دەڵێمەوە. ئەم گرووپە سەمفۆنیایەش پێكهاتووە لە سێ كۆراڵ، كۆنسێرتەكەش لەشاری لایڤنی نزیكی هۆڵەندایە، لە٣/١٩ئەم كۆنسێرتە ئەنجام دەدرێ. من تەنیا گۆرانیبێژێكم بەشێوەیەكی سەرەكی بەچوار گۆرانی بەشدارم، ئەوانیتر تیپی نامۆی منداڵان بەسەرپەرشتی نامدار قەرەداغی، هەروەها گۆرانییەكی تر بەشێوەی دویت لەگەڵ هونەرمەندێكی ئافرەتی هۆڵەندی كە بەكوردی گۆرانیم لەگەڵدا دەڵێت، ئاوازەكە هی مامۆستا نامدار قەرەداغییە. هەروەها هونەرمەندێكی تر بەناوی «كامەران موستەفا» ئەویش بەگۆرانییەك بەشداری كردووە.

• **زۆر لەهونەرمەندان بەناوی داهێنانەوە پەنا دەبەنە بەر مۆسیقای بیانی، تۆ بۆ ئەم دیاردەیە چی دەڵێیت؟**

- من هەمیشە دەڵێم دەبێت ئێمە سەرەتا ناسنامەی كەلتووری خۆمان بەخەڵكی بیانی بناسێنین، دوای ئەوە دەتوانین سوود لە میوزیكی بیانی ببینین. باشترین نموونە ئەو وڵاتەیە كە من لێ دەژیم، واتە وڵاتی ئەڵمانیایە، تارادەی كەلتووری خۆیان نازانن، بەڵام لەبەر ئەوە دەوڵەتێكن پلەو پایەیەكیان هەیە و هونەرێكی كلاسیكیان بۆخۆیان دروست كردووە، ئەگەر سوود لەمۆسیقای وڵاتانی تریش وەربگرن هیچ كێشەیەكیان نییە، چونكە كلاسیكێكیان بۆخۆیان دروست



**دەشتی كەلهوری خەڵكی خانەقینە و لە دایكبووی شاری كەركوكە و لە شاری كەلار نیشتەجێبووە، بەڵام ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژیت. خاوەن ئەلبوومێكە بەناوی "دەبا بەس بێت" لەگەڵ كلیپێك. لەدیمانەیەك لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا باسی ئەلبوومی "دەبابەس بێت" و دوایین كارە هونەرییەكانی خۆی دەكات.**

كردووە، بەڵام بەداخەوە تاكو ئێستا میللەتی كورد كلاسیكمان نییە، خاوەن ناسنامەیەك نین. ئێمە میوزیكی كلاسیكمان هەیە، بەڵام ناسنامەی كلاسیكمان نییە. هیوادارم لەپەیمانگاو كۆلێژەكان میوزیكی كلاسیكی كوردی وەكو وڵاتانی دراوسێمان بڵێنەوە. لێرە كاتێك قوتابییەك دەچێتە پەیمانگا یان زانكۆ پێی دەڵێن، دەتەوێ كلاسیكی ئەورووپی بخوێنی یان كلاسیكی وڵاتەكەی خۆت، هیوادارم لەكوردستانیش وای لێبێت، تابتوانین زیاتر خزمەتی میوزیكی كوردی بكەین.

• **چەندە پێویستە گۆرانیبێژ ئەكادیمی بێت؟**

-ئەگەر هونەرمەند ئەكادیمی بێت و بزانێت یەكێك لەئامێرەكان بژەنێت بۆ ئەوەی تۆنەكانی دەنگی خۆت بزانێت، ئەوە زۆر پێویستە. چەند ساڵێكە بۆ گۆرانی وتن خۆم ئامادە دەكەم، دوای هەوڵێكی زۆر ئینجا دەستم بە گۆرانی وتن كرد. هەرچەندە زۆر هونەرمەندیشمان هەن كە ئەكادیمیش نین، بەڵام سەركەوتوون، بۆ نموونە هونەرمەند «حەسەن زیرەك».

• **بەنیازی لەگەڵ هونەرمەندانی دیكە بە شێوەی دویت گۆرانی تۆمار بكەی؟**

-لەداهاتوو ئەگەر كارێكی وام بۆبڕەخسێت و هەمانگی هەبێت لەنێوان هونەرمەندان و دەنگی هونەرمەندێك لەگەڵ دەنگی من بگونجێت، بەدڵنیاییەوە ئامادەم.

• **زۆر لە هونەرمەندان بۆ دیمانەكردن جا بۆ تیڤی بێت یان ڕۆژنامەو گۆڤارەكان، چەند مەرجێك دادەنێن، ڕات بەرامبەر بەو مەرجانە چییە؟**

-بەداخەوە ئێمە وەكو گۆرانیبێژ هەموو ئەركەكانمان لە ئەستۆی خۆمانە. لە ئەورووپا گەر هونەرمەندێك بیەوێ دیمانەیەك لەگەڵ ڕاگەیاندنەكان بكات چەند مەرجێكی هەیە، بۆئەوەی بژێوی ژیانی خۆی بەڕێوە ببات. هەرچەندە من پێموایە هونەرمەند دەبێ كراوە بێت، چونكە هەموو شتێك ماددە نییە.

• **لە فەیسبووكدا ئەندامی؟**

-بەڵێ لەفەیسبووكدا بەشدارم، هاوڕێیەكی زۆرم هەیە لەڕێگەی فەیسبووكەوە لەگەڵ كەسە نزیكەكانم ئاشنادەبم، بەڵام لەبەر نەبوونی كات لەفەیسبووكدا چات ناكەم، تەنیا وەكو ڕیكلامێك بۆ كارەكانم بەكاردەهێنم.

• **جگە لەكاری هونەری، ڕۆژانە كاتەكانت چۆن بەسەر دەبەی؟**

-سەرقاڵی خوێندنەوەو وەرزش كردنم، هەروەها لە ئەڵمانیا فەرمانبەرم.

• **تاچەند لەگەڵ خوێندنەوە هاوڕێی؟**

-زۆربایەخ بەخوێندنەوە دەدەم بەتایبەتی چەند جارێك كە دەگەڕێمەوە كوردستان ئەو كتێبانە لەگەڵ خۆم دەهێنم، كە باس لە مۆسیقاو مەقامە ڕۆژهەڵاتییەكان دەكات، جگە لەوەش چەند كتێبێك بەزمانی ئەڵمانی دەخوێنمەوە، هەروەها ڕۆژانە سەیری ڕۆژنامە كوردییەكان دەكەم، لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت دەیانخوێنمەوە.

• **بەرامبەر بەخۆشەویستی ڕات چییە؟**

- خۆشەویستی بەهەوێنێك دای دەنێم، جا خۆشەویستی دایك بێت یان خۆشەویستی خاك بێت.

• **وەكو هونەرمەندێكی كەركوكی چ پەیامێكت بۆ كەركوك هەیە؟**

- هەموو كاتێك بەخۆشی و ناخۆشی لەگەڵ شاری كەركوك دام، هیوادارم هەموو ناوچە دابڕاوەكان بگەڕێنەوە سەر كوردستان.

# دایکانی من لە تاران نمایش دەکرێت



فیلمی دیکۆمێنتیی بڵندی «دایکانی من» لە دەرهێنانی سینەماکارانی کورد «ئیبراهیم سەعیدی» و «زەهاوی سنجاوی» و لە بەرهەمهێنانی «عەباس غەزالی» بە پاڵپشتیی ئەنجومەنی بەرهەمهێنەرانی سینەمای دیکۆمێنتی ئێران رۆژی چوارشەممە ٩ی مارسی ٢٠١١ لە سینەمای ئازادی تاران نمایشکرا.

فیلمی «دایکانی من» سەبارەت بە جینایەتەکانی رژێمی بەعس و قەتڵوعامی بەکۆمەڵی کوردەکانە لە هەرێمی کوردستان، ئەم فیلمە بە وردبوونەوە لەسەر بابەتی ئەنفال دەچێتە نێو چەندین بنەماڵەی بەجێماوی ئەو جینایەتە سامناکە و ژیانی تاقەت پروکێنی دایکان، کچان و هاوسەرانی قوربانییەکانی ئەم جینایەتە بەکۆمەڵە، بە بینەر نیشان دەدات.

فیلمی «دایکانی من» تا ئێستا لە چەندین فیستیڤاڵی جۆراوجۆری نێونەتەوەیی فیلم لە سەرتاسەری جیهان نمایش کراوە و لە دوایین بەشداریی نێونەتەوەیی خۆیدا لە رۆژی ٢٦ی ژانوییەی ٢٠١١ لە فیستیڤاڵی فیلم گەلی ئێرانی «بۆستۆن» لە شوێنی مۆزەخانەی هونەرە جوانەکانی شاری بۆستۆن لە وڵاتی ئەمریکا نمایشکرا.

ئەم فیستیڤاڵە بە نمایش کردنی ١٢ فیلمی سینەمایی و دیکۆمێنتی لە سینەماکارانی کورد و ئێرانی لە رۆژانی ١٤ تا ٢٩ی ژانوییەی ٢٠١١ لە شوێنی مۆزەخانەی «فینە ئارت»ی شاری بۆستۆن پایتەختی ویلایەتی ماساچۆسێت لە وڵاتی ئەمریکا بەڕێوەچوو.

# ئیما بۆ سینەما واز لە زانکۆ دەهێنێت



کچە ئەکتەری بریتانی ئیما واتسۆن پاڵەوانی زنجیرە فیلمەکانی (هاری پۆتەر) بڕیاریدا بەشێوەیەکی کاتی واز لە خوێندن بهێنێت لە زانکۆ و تەواوی کاتی خۆی بۆ هونەر و سینەما تەرخان بکات.

ئیمای تەمەن ٢٠ساڵ لەسەر لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە ئینتەرنێت بڵاویکردەوە کە لە هەموو شتێك زیاتر زانکۆ و خوێندن دەکات، بەڵام لە ماوەی رابردوودا بۆم دەرکەوت ناتوانم لە یەك کاتدا بخوێنم و کاری هونەریش بکەم، بۆیە بڕیارمدا بۆ ماوەیەك لە زانکۆ دوور بکەومەوە تاکو بتوانم کاری خۆم تەواو بکەم لە هاری پۆتەر و هەندێك پڕۆژەی دیکەی هونەریش بە ئەنجام بگەیەنم، ئیما دووپاتیشی کردەوە کە بەردەوام دەبێت بۆ بەدستهێنانی بڕوانامەی زانکۆ لە بەشی ئەدەب، بەڵام لەوانەیە ئەمە چەند ساڵێکی دیکەی بوێت.



# شیریل کۆڵ دەرکرا

لیژنەی ناوبژیوانانی بەرنامەی (ئیکس فاکتۆر) بڕیاریدا گۆرانیبێژی بریتانی شیریل کۆل دووربخاتەوە بەمەش ئاواتەکانی شیریل بۆ ناوبانگ دەرکردن لە ئەمریکا دووچاری هەڕەشە دەبێتەوە، لەم بارەیەوە رۆژنامەی (دایلی میرۆر) رایگەیاند راگەیاندنکاری بەناوبانگ سیمۆن کویل سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانانی بەرنامەکە بە شیریلی وتووە لەوانەیە لە لیژنەی ناوبژیواناندا جێگەی نەبێتەوە، هەروەها پێی وتبوو کە زۆر ناوبانگی نییە لە ئەمریکا، لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی نزیك لە شیریل رایگەیاند کە شیریل زۆر توڕە بوو بەم بڕیارە، هەرچەندە کویل هەوڵ دەدات جێگەیەکی بۆ بکاتەوە لە لیژنەکە، بەڵام کویل فشارێکی زۆری لەسەرە بۆ هەڵبژاردنی ئەستێرەیەکی گونجاو بۆ بەرنامەیەك کە ٣٠ ملیۆن بینەری هەیە.

# "ماندوو" لە ئەمریکا



بڕیـــار وایە فیلمی ســـینەمایی «ماندوو» یەکەمیـــن بەرهەمی دەرهێنەری مەهابادی «ئیبراهیم ســـەعیدی» لە بەشـــی کێبڕکێی ســـەرەکی بیست و هەشـــتەمین خولی فیســـتیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمـــی «میامی» لە وڵاتی ئەمریکا دەچێتە ســـەر پەردەی سینەما و بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی سەرەکیی ئەم فیســـتیڤاڵە لەگەڵ چەندین فیلمی دیکە لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان رکابەری دەکات.

ئەم فیســـتیڤاڵە بە بەشـــداریی فیلم گەلێك لە بەرهەمەکانـــی دەرهێنەرانی سەرانسەری جیهان لە بەشـــە جۆراوجۆرەکاندا لە رۆژانی ٤ تا ١٣ی مارسی ٢٠١١ لە شـــاری مەیامی لـــە ویلایەتی فلۆریدا لە وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوەدەچێت.

فیلمی «ماندوو» لە دوایین نمایشـــی نێونەتەوەیی خۆیدا لە رۆژی ١ی مـــارس لە خولـــی فیســـتیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «بێلگراد» لە هۆڵی ســـینەمایی ناوەندی فەرهەنگی شاری بێلگراد لە وڵاتی سێربستان چووە سەر پەردەی سینەما.

شایەنی باسە ٣٩مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمـــی «بێلگـــراد» رۆژی ٢٦ی فێبرییە و لە شاری بێلگراد دەستی پێکردووە.



# گاگا هەڕەشـە لــە بـەرهـەمهێنـەرانـی ئایس کرێم دەکات

کچە گۆرانیبێژ بەرهەمهێنەرانی ئایس کرێمی ئاگادار کردەوە کە پێویستە ناوی بەرهەمەکانیان بگۆڕن لە (بایبی گاگا) کە لە شیری دایکان دروست دەکرێت.

گاگا مۆڵەتێکی دیاریکـــراوی بەو کۆمپانیایانە داوە بۆ ئەوەی ناوی بەرهەمەکانیان بگۆڕن بـــە ناوێکی دیکە کە هیـــچ پێوەندییەکی بەناوی ئەوەوە نەبێت و بۆ ئەم مەبەســـتە نامەیەکی هەڕەشـــە ئامێزی بۆیان ناردووە و پێـــی راگەیاندوون ئەگەر پابەند نەبن بەم داواکارییە ئەوا ناچار دەبم پەنا ببەمە بەر دادگا.

# هەڵسەنگاندنی گوڵان بۆ کارە هونـــ

ئا: ڕۆشنە عومەر

**لە تەوەری ئەم جارەی هەڵســـەنگاندنی گوڵان بە پێویستمان زانی بە دید و تێڕوانینی چەند هونەرمەند و شاعیری شارەزا لە بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردی، کارە هونەرییەکانی هونەرمەند زیاد ئەسعەد هەڵبسەنگێنین.**

**کەم کەس هەیە ئەوا شەڕ بێت لەسەری لەنێو گۆڕەپانی هونەری کوردیدا**

هونەرمەنـــد وریا ئەحمەد شـــارەزا لەبواری میوزیك و ئاوازدانانەوە ووتی « زیاد ئەســـتێرەیەکی گەشی هونـــەری کوردییە. کاتێك دەســـتی بە گۆرانی وتن کرد، گۆرانـــی هونەرمەندانی دیکـــەی دەگوتەوە، ئەو گۆرانییە کە پێی ناســـرا گۆرانی »ســـووتاندوتە «ئاوازەکە هی «قادری سەیاحی» بوو. من دەنگیم زۆر لا شـــیرین بوو بۆ درامای «کۆلارە» کۆمەڵێك ئاوازم بۆ تۆمار کـــرد، تاوای لێهات ئەو گۆرانییانە بەکاسێت لە بازاڕ دەفرۆشران. زیاد دەنگێکی یەکجار شیرین وردەکاری ســـۆز لەدەنگیدا هەیە، هەمووجار پێمـــدەوت تـــۆ دوژمنی» لەشـــی »خۆتی، واتا بۆ هونەر و دەنگەکەی خۆی زۆر کوڕێکی خەمساردە. بۆ نموونە گەر ســـەیر بکەین بۆماوەی پێنج شەشـــە ســـاڵە هەموو خەڵك تامـــەزرۆی دەنگییەتی هیچ بەرهەمێکی تـــازەی نییە، بەداخەوە نازانێت خزمەتی دەنـــگ و هونەرکەی خۆی بکات. ئێســـتا هەموو گۆرانیبێـــژە گەنجەکان حەز دەکەن لە بەرهەمەکانیان ئـــاواز یان تێکســـتی زیاد ئەســـعەدی لەگەڵ بێت، ئەمەش گەورەییە بۆ زیاد ئەسعەد، چونکە کەم کەس هەیە لەنێو گۆڕەپانی هونەری کوردیدا ئەوا شـــەڕی لەســـەر بکرێت، کە زۆربـــەی گۆرانیبێژەکان داوای لێبکـــەن یارمەتیان بدات .کاتی خۆی لە ڕۆژنامەدا لەسەرم نووسی، ووتم ئەو دەنگانەی کە بەلای منەوە گرنگـــن «مەزهەری خالقی و ناســـڕی ڕەزازی و زیاد ئەســـعەد « ئەو کات خەڵك زۆر لەسەری نوسیم وتیان چـــۆن دەبێت هونەرمەندێکی گـــەورەی وەکو مەزهەری خالقی و ناســـر ڕەزای زیاد ئەسعەدێکی تازە پێگەیشـــتوو بهێنرێتە ریـــزی ئەمانە، بەڵام من گوێم بەم قســـانە نەداو هەر قسەکەی منیش ڕاست دەرچوو .

**زیاد یەکێك بووە لەو کەسانەی کەدەستی هەبووە لەپێگەیاندنی چەندین هونەرمەند کە ئێستا لەگۆڕەپانی هونەری کوردی کاردەکەن**

هونەرمەندی گۆرانیبێـــژ ڕۆژکەریم وتی: من وەکو لایەنگرێکـــی هونەری نـــەك وەکـــو هونەرمەندێك ئەوەندەی گوێم لێبووە کارەکانی زیاد ئەسعەد یەکێکە لـــەو کارانەی کە مایـــەی گوێلێگرتنـــە، ناتوانین لێرەدا بەشـــێوەیەکی کورت باس لە کارەکانی بکەین. لەکارەکانی زیاد هەســـتێکی تازە هەیە. زیاد یەکێك بووە لەو کەسانەی کە دەستی هەبووە لە پێگەیاندنی چەندین هونەرمەند، کە ئێستا لە گۆڕەپانی هونەری کـــوردی کار دەکەن، یەکێکە لە ئاوازدانەرە گەورەکان بێجگە لەکاری گۆرانی ووتن تێکست نووسیشە . لە کارەکانیدا گەر ســـتایلی فارسیش بەکاربێنێت مێژوو ئەمە دەگۆڕێت، ئەگەر ســـەیری کارەکانی حەســـەن زیرەك و ماملێ ئەمانە بکەین و بڵێین و نەڵێیـــن مۆرکی کوردی پێوە دیارە، بەڕای من کارەکانی زیادیش لەم بابەتە خۆی دەبینێتەوە. ئێمە زۆر لەمیللەتی فـــارس نزیکین هەردوو گەل ســـەر بە ڕەگەزی ئارین، من ئەوەم پێباشترە تا لە ئەوەی کە لـــە گەڵ هونەری تورکـــی و عەرەبـــی تێکەڵ بێت.

هونەرمەند پەیوەند جاف وتی « لەنێـــو هونەری کوردیدا زیاد هونەرمەندێکـــی زۆر بـــاش و بەرچاوە، هەوڵێکی زۆریشی داوە تازەگـــەری بـــکات. ئـــەو توانیویەتـــی ئەگەر گۆرانییەکی ڕۆژئاواییش بێت هێناویەتی کردوویەتی بەئاوازێکی تازە، من ســـەلیقەی زیادم زۆر بەدڵە لە دروســـتکردنی گۆرانی، مەلە کردن لەگەڵ وشەکان لەڕووی تێکســـتەوە. زۆر جار باســـمان لەوە کرد کە شـــاعیری باشـــمان نەبووە، بۆیە پەنامان بردۆتە بەر تێکســـتی کلاســـیك، بەڵام زیاد ئەو سەلیقەیەشی هەبووە، هەوڵیداوە تێکست دروست بکات بۆ گۆرانی و وشەی جوان بەکاربێنێت هەوڵیداوە بەپێی ئاوازەکان وشەکان بەکاربێنێت.

**سەرکەوتنی زیاد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەسێکی ڕۆشنبیرە لە زانستی میوزیك شارەزایە**



# ـــەرییەکانی هونەرمەند زیاد ئەسعەد

سـەید ئەحمەد ڕواندزی شـارەزا لەبواری میوزیك دەڵی: من لە سـاڵانی هەشـتاکانەوە زیاد دەناسـم تاکو ئێسـتا دەتوانم بڵێم یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کەرۆڵێکـی بەرچاویان هەبووە لەبـواری میوزیك و گۆرانـی و پێگەیاندنی چەندیـن هونەرمەندی ناسراو لەکوردستاندا. زیاد سـەرەتا کە دەستی کرد بە گۆرانی وتن عەبدولرەحمان بێلاف زۆر هاوکاری دەکردو زۆربەی تێکستەکانی ئەوی دەکرد بەگۆرانی. هەروەها لەڕووی تێکسـت و ئاوازەوە دەستێکی هەرە باڵای هەیـە لەوانەیە کاریگـەری زۆری فارس و هونەرمەندانی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتی لەسەربێت، بـەڵام لە هەمان کاتیشـدا لـە ڕووی ئاوازدانانەوە وەستایەکی باشـە، هەروەها تێکسـتێکی جوان بۆ ئاوازەکان ئامادە دەکات. لەساڵی نەوەدەکان لەچەندین بەرهەم و ئاهەنگەکان لەگەڵی بەشداربوومە، کەسێکی هەست ناسکە . سەرکەوتووی زیاد بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کەسێکی ڕۆشـنبیرە و شارەزایە لەزانستی میوزیك. کاتێك لەکوردسـتان بوو هیچ ئامێریکی میوزیکی نەدەژەنی، بەڵام کاتێك چووە ئەوروپا کیبۆرد دەژەنێ، بەس بۆ ئەوەی هاندەرێك بێت بۆئەوەی بە باشی ئاواز دابنێت، بەڵام ئێسـتا وەکو پێویست نەیتوانی کار بۆ دەنگـی خۆ بکات و هەرچەندە زۆر لە هونەرمەندان بەهۆی زیاد ناوبانگیان بەدەست هێنا .

## (زیاد ئەسعەد) نەورەسی سپی ئاواز و گۆرانی کوردییە

شـاعیری گەورە (شـێرکۆ بێکەس) لە نووسینێکی پێشووتری دەربارەی کارەکانی (زیاد ئەسعەد) دەڵێ: لەم ساڵانەی دواییدا، (زیاد ئەسعەد) بە گوڕ و تین و تۆنێکی تاسە شـکێنەوە هاتە ناومانەوە و هەندێ سـنووری تەقلیدی بەزاندو دڵ و گوێچکەمانی بە ڕیتمی تازەو داهێنەرانـە زاخاو دایەوە، لەبەر ئەوەی لاسایی کەرەوە و تەقلیدی نەبوو، واتە هەمان سەدای گۆرانییەکانی ڕابـردووی نەدایەوە، بەگوێچکەماندا فۆلکلۆریشی بۆ خۆی نەکرد بە بەندیخانە، هەروەها هونەرمەنـد هەر بە تەنیا بەهرە و سـەلیقەی نییە، بەڵکـو لە هەمان کاتدا شـارەزایی دنیای موزیك و مەقاماتە ئەزانێت، چی ئەکات و عاشـقانە لەگەڵ کارەکەی خۆیدا هەڵسوکەوت دەکات، (زیاد ) هەموو ژیانـی خـۆی داوە بە هونەرەکـەی و تەنانەت بۆ چرکە سـاتێك لێی دوور نەکەوتۆتەوە. بەشی زۆری گۆرانییەکانی تری ئەم سـەردەمە، گۆرانییەکانیان تەمەنیان کورتە زۆر زوو بیر دەچنەوە، بەڵام بەشێکی باشـی گۆرانییەکانی ئـەو هونەرمەنـدە لەوەدایە لەسـەر زاری گەنجەکانەوە دەوترێنەوە. کە ئەمەیش بۆ خـۆی بەڵگەیەکی زیندووە بـۆ زیندوویتی ئەو گۆرانییانە، جگە لەوەی کەدەنگی خۆشە، لەهەمان کاتدا ئاوازدانەرێکی بەتوانایە و چەندین گۆرانی بۆ گۆرانیبێژە ناسراوەکانی ئەم سەردەمە داناوە. بەچاکی ئاگای لە کەلتـووری گۆرانی کوردییە، ئاگای لە گۆرانی کـۆن و تازەی میللەتەکانـی دەوروبەرە و تەنانەت هەناسەکانیان لەیەکتری جیا ئەکاتەوە.

من لەنزیکەوە کاك (زیاد) ئەناسم و تێکەڵین لەگەڵ یەك، بۆ یەکەمجاریش لە ڕێگەی هونەرمەند(پەیوەند جاف)ی زاوامەوە لەماڵی خۆمان ناسیم.

زیـاد وەك مرۆڤیش پیاوێکی ناسـك و ڕووخۆش و دڵپاکە، ئەو مۆسیقا و گۆرانی کردووە بەنان و ئاو تا سەر ئێسقان عاشقی هەموو گۆرانییەکی جوانە، هەر ئەم عەشقیەش وای لێکردووەکە نەوەستێ و هەمیشە بەخشـندە بێ. زیاد لە هەڵبژاردنی ئەو تێکسـتی شـیعریانەوە کە بـۆ ئاوازەکانی هەڵیـان دەبژێرێت، تێکستەکان ڕوون و بێگرێ و گۆڵن بەتەواوی لەگەڵ ئاوازەکانـدا ئەیگونجێنێ، ئەویش بۆتە هۆی ئەوەی کە لەلایەن گوێگرانـەوە زوو لەبەر بکرێن. هەڵبەت شـیعری گۆرانی دەبێ سادەو ڕەوان بن و زوو بگەنە ئاستی تێگەیشتنی خەڵکەکە، ئەگەر وانەبێت جۆرە دابڕانێك ئەکەوێتە نێوان وشـە و ئـاوازەوە، زیاد لە دنیای گۆرانی و مۆسـیقای مندا لە نەورەسێکی سپی ئەچێ کە لەبەر هەتاوی ژیاندا دەبرسیکێتەوە.

دواتر تێکستنووس وشاعیر عەبدولرەحمان بێلاف وتی: کاتێك زیاد لە کوردسـتان بوو، نزیك ترین کەس بووم لێی. ئاگاداری هەمـوو کارەکانی بووم تەنانەت لە کارە تایبەتییەکانی خۆشیدا پرس و ڕای وەردەگرتم، هەروەها زۆر هاوکاری بووم لەکارە هونەرییە کانیدا، پاڵپشت و ڕێنیشـاندەری بووم بۆ ئەوەی سەرکەوێت و بناسـرێت. زیاد تا لە کوردستان بوو توانی چەند بەرهەمێکی بـاش لەگەڵ هونەرمەندانی شـاری هەولێر پێشکەش بکات. ڕاستە زیاد زۆر کاریگەری مۆسـیقای فارسـی بەسـەرەوە بوو بەردەوامیش گوێی لە هونەرمەندە فارسـەکان دەگرت، هەروەها لە هونەرمەندە کوردەکانیش وەکو «خالقی حەسـەن زیرەك و لور نەژاد و ئیسـماعیل سابووری و قادری سـیاحی» . هەروەها بۆ ئاوازەکانیشـی پشتی بە هونەرمەندانی وەك «موعین، سـابوری، سـیاحی دەبەست. بەڵام تابڵێی کەسێکی زیرەك و ڕۆشنبیر بوو کەسـێك بوو بەردەوام ڕەخنەی دەگرت . دەتوانم بڵێم بڕوا ناکەم لە هەموو کوردسـتان جگە لە ڕۆژهەڵات دەنگێکی وەکو زیاد شیرین هەبێت.

مامۆستا جەمال محەمەد سەرۆکی تیپی مۆسیقای دهۆك: زیاد ئەسعەد لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە بە شێوەیەکی بەهێز بوونی خۆی سەلماند لە گۆرانی وتن و جەخت کردنەوەی لەسەر جۆری ڕیتم و هەڵبژاردنی بەجۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ واقعی ئەو کات، لە بواری مۆسـیقاش توانی مامەڵەیەکی زۆر باشـی لەگەڵدا بکات، دوای ئەوەی ڕووی لە هەندەران کرد بەگوێـرەی زانیاریەکانی من کارێکی زۆری ئەنجام نـەداوە تایبەت بەخۆی، بەڵام ئەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیانـدن تێبینیم کردووە کاك زیاد هاندەرێکـی باش بووە بـۆ هونەرمەندانی دیکە بۆ هەڵبژاردنی کاری باش کە ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگە لە مۆسیقا و گۆرانیدا کە بزانێت کەی و چ شـتێکی باش هەڵبژێریت، زیاد ئەسعەد توانیویەتی دەنگی خۆی بە ڕەسـەنی بپارێـزی کە بگونجێت لەگەڵ واقـع و فۆلکلۆری کوردی ئەمە لە بواری گۆرانی گوتندا، لە بواری ئاوازیشـەوە ژمارەیەکی زۆر ئاوازی پێشـکەش بە هونەرمەنـدان کردووە . لە هەموویـش گرنگتر توانیویەتـی وەك گۆرانی و مۆسـیقای سـتایلی تایبەتی خۆی بپارێزیت بە جۆرێك هەر کەسێك گوێی لە گۆرانییەکە بێت بزانێت هی کێیە.

## پێویستە زیاتر کار بۆ خۆی بکات

هونەرمەندی موزیکژەن سـالار ئازید دەربارەی زیاد ئەسـعەد دەڵێ: هونەرمەند زیاد ئەسعەد توانیویەتی ئەدا و سـۆزێکی تایبەت بۆ چۆی دروسـت بکات لەنـاو هونەرەکەی خۆی چ لـە گۆرانی وتن بێت چ لە ئاوازەکانی بێـت، کە هەتا هونەرمەندێکی تر گۆرانییەکانی بڵێتەوە دەبێ بە ئەدا و سـۆزی زیاد گۆرانییەکانی بڵێتەوە، چونکە جوانتر و خۆشترە.

دەربارەی ئەو تێکستانەی دایدەنێت ڕاستە ڕەخنەیەکی زۆری لێدەگیرێـت، بەڵام زۆر ئاسـانە و لە ناخی مرۆڤـەوە نزیکـە و مرۆڤ زوو لە مەبەسـتەکەی تێدەگات و وشەکانی لەبەر دەکات، ڕاستە ئاوازەکانی زۆربـەی لە هونەری ئێرانی وەرگیراوە یان نزیکە لە هونەری ئێرانی، بەڵام بە زیرەکی خۆی و بە ئەدای خۆی وادەکات بیکات بـە موڵکی خۆی، من یەك ڕەخنـەم لێی هەیە ئەویش ئەوەیە دەبێت زیاتر کار بۆ خۆی بکات، چونکە بەرهەمی سیدی زۆر کەمە.

هونەرمەند بڵند عەبدوڵڵا دەڵێ: کاکە زیاد توانیویەتی ئاواز و تێکسـتەکانی خۆی بچەسپێنێ لەناو ناخی هەمـوو لاوێك و هونەر هۆگرێـك، هەرچەندە زیاد ئەسـعەد تەمەنێکی زۆری لە ژیانی هونەری خۆی لە کوردسـتان بەسـەر برد، بەڵام لە ئەوروپا توانی داهێنێکی زۆر جیا لـە بەرهەمەکانی تری ئامادە و پێشکەش بکات، ڕەنگە ئەو ئەزموون و ئەو ئێش و ئازارانەی ئەوروپا پێی بەخشی بووبێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەم بەرهەمـان، هەر کە گوێ لە گۆرانییەکانی زیاد دەگرێت کە بە دەنگـی یەکێکی تر دەگوترێت خێرا دەزانی ئەمە بەرهەمی زیادە، ئەوەش بەراسـتی سـامانێکی زۆر گەورەیە بۆر کەسـێك کە داهێنەر بێت، مانای ئەوەیە توانیویەتی شـێوازێك بۆ ئاواز و تێکستەکان دابنێت کە ببێتە ڕێچکەیەك